The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

## ئەمنستی حکوومەتی ئوردن تاوانبار دەکات

## چاك پەیوەندی بە بەشی پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتوەکان لە جنێف دەکات

پاش ئەوەی چاك لە ماوەی ڕابردوودا , زنجیرە خۆپیشاندانێکی لە ژنێف ڕێك خست بۆ بەردەم بارەگای بەشی پەنابەری یو ئێن , هەروەها چەندین جار پەیوەندی بە ڕێکخراوی ئەمنستییەوە کرد لە سوید و لەندەن , دواین ڕەوشی پەنابەرانی کوردی پێ ڕاگەیاندن , ڕێکخراوی ئەمنستی لە بلاڤۆکێکدا هەڵوێستی حکوومەتی ئەردەنی شەرمەزارکرد , داوای لە حکوومەتی ئوردن کرد ڕێگە بە پەنابەران بدات بێنە ناو خاکی ئوردنەوە , ئەمە داواکاری چاکیش بووە لە ئەمنستی و حکوومەتی ئوردن , چەندین جار لەسەر ئەم داخواز و پرسە کۆبونەوەی لەگەڵ باڵوێزخانەکانی ئەردەن کردووە .

هەروەها ڕاپۆرتەکەی ئەمنستی ڕەخنەی لە یو ئێنیش گرت , کە دەیەوێت پەنابەران بگەڕێننەوە بۆ عێراق , نفوزی بەربڵاوی ئێرانی لە عێراق بە مەترسی گەورە زانی بۆ سەر چارەنووسی ئەو پەنابەرانە .

هاوکات دوێنێ **193 پەنابەر لە ناوچەی سنووری عێراق – ئەردەن دەستیان دایە مانگرتن دژ بە بارودۆخی سەختی ژیانیان .**

**هاوکات چاك نامەیەکی ئاراستەی بەشی پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان کردوە و پەیوەندی بە سەفارەتخانەکانی ئوردن لە دەرەوە کردووە لەسەر ڕەوشی پەنابەرانی سەر سنوور , داخوازی چارەسەرکردنی بە پەلەیەتی بە گوێرەی ویستی پەنابەران .**

**http://www.bopeshawa.com/pdf2006/barudoxipanabaran-chakswed.pdf**

**ناوەندی چاك**

**2006-6-25**